خەیری بۆزانی نووسیویەتی

ئازاد کەریمی لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی

# ئێزداییسم

ئایینی یەك-خوا-پەرستنی هەرە کۆنی سەربەخۆی ئێزداییسم یان ئێزدیسم ئایینێکی کۆنە و هەڵگری کۆمەڵێك بیروڕای هوریانی یان خۆرپەرستی قەدیمی کوردستانە لەوانەش بە تایبەت ئایینی میترائیسم یان"مەهرپەرستی" کەوا لە ناوچەی مەزۆپۆتامیا واتە مەزرابۆتاندا سەری هەڵداوە و ئەم ئایینی متیراییە تایبەتە بە ڕەگەزی ئاری لە نەتەوە هێندو ئەوروپییەکان و کۆنترین ئایینی نێوان هەموو بیر و بڕوا و دینە کۆنەکانی قەومی کوردە وا لە رۆژاوای ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کوردستانی قەدیم دا سەری هەڵداوە.

ئایینی ئێزیدی یان ئەزدایی ئایینێکی یەکانپەرستی یان تەوحیدییە . بە مانایێکی ڕوونتر ئایینێکە لەسەر بنەمای تاك پەرستی بنیات نراوە نەك دووان پەرستی، بەسەر ئەوەشدا چەمکی شەڕ بە واتای جەوهەری و سەربەخۆ لەم ئایینە دا هەبوونی نیە، فەلسەفەی ئەزدائیسم بڕوای بە هەبوونی خواوەندی تاقانەیە وا سەرچاوەی هەردووچەمکی خێروشەڕە وخودی خودا چاوگەی هەناردە کردنی هەموو چەمك و مانا و شتەکانە وەك ئافرێنەر و پەروەردگار.

سەبارەت بە بەجێهێنانی نوێژو نزاو پاڕانەوە و پاکانە دەستنیشان کراوەکان وەك ئەرکی ئایینی ئێزدییەکان،ئەبێ ئاماژە بەمانە بکەین کە لەسەرەتادا دەبێ بڕوا و ئیمانی تەواویان هەبێ بە خودا، خودێ، خووا، ئیزی، یەزدان و هەروها ڕێزو حورمەت بۆ فریشتە پیرۆزەکان و لە سەرووی هەموویانەوە تاوسی مەلەك یان فریشتە تاوس(ماردوخ، مەهر، میکاییل) و هەروەها خۆشەویستی دەربڕین بۆ پیەغەمەران و پیروچاك و ساڵحان بە تایبەت حەزرەتی شێخ ئەدی سڵاوی خوای لّی بێت و لەگەڵ ئەوەشدا ڕێز بۆ جێگرەکانی . ئەم ئایینە بڕوای بەوەنیە لە نێوان خودا و مرۆڤ دا کەسێکی سێهەم وەك میانە پەیوەند یان (واسطە / عەرەبی) هەبێت و پەیوەندیکاری لە نێوان خوداو مرۆڤدا بکات, دیارە چەمکی باوەڕمەندی یان ئیمان لەسەربناغەی ڕێزو بڕوا ومتمانە و خوشەویستی بنیادەم بۆ پەروەردگار واتاهەڵگرە. ئەم پەیوەندییە دوولایەنە سۆزدارانە ڕاستە و خۆیە لە پیاهەڵدان و ڕازونیازە دەرۆشی و عارفانە و سۆفییانەی ئێزیدییەکاندا رەنگ ئەداتەوە، هەروەها خۆر یان هەسارەی رۆژ خاوەن پێگە وجێگە و بنگەیەکی شکۆدار و دیارە لەبەر ئەوەی یەکێ لە شێوەڕواڵەتی و ڕووکەشییەکانی خۆبە خۆیی خودای تاقانەیە.

ئێزدییەکان بڕوایان بە چاوگە و دەسپێکی تەناسوخ (دەونادون، چمچارە، چاوی بەش و چارە، چارەنووس) هەیە و هەروەها باوەڕیان بە گەڕانەوە بۆ دنیای هەتا هەتایی واتە ئەو دنیا هەیە. ئەم ئایینە بانگەواز و بانگهێشتی کەس ناکات بۆ ئەوەی بڕوای پێ بکەن و هەروەها کوشتنی پلان بۆداڕێژراو , کۆبوونەوەی سێکسی بە بێ مارە و وەرگرتنی سوود لە قەرزدار لەلای لایەنگرانی ئەم دینە حەرام واتە نەشیاوە.

ئایینی ئەزیدی وەك ئاوێنەیەك وێنای مێژووی دوور و درێژی ئایینە رۆژهەڵاتییە کۆنەکانە و لە تویژینەوەی داب و نەریت و هێماکانی باوەڕمەندی و چۆنیەتی بەجێهێنانی ئەرکی پەرستنی خودا لەلایەن پەرستکارەکانەوە ئەم وێنا و پێژنەمان بۆ دەرئەکەوێت.

ناوی ئێزدی و چۆنیەتی ناولێنانی ئەم ئاینیە کە لە ناوی گەورەی ئێزەدان وەگیراوە دەری ئەخات ئێزدییەکانیش شوێنی ڕێکاری پەرستنی خودای تاك و مەزن کەوتوون.

سەبارەت بە وشەی (ئێزدی،ئێزەدی، ئەزدایی ) ئەبێ ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین کە ئەم وشە لە وشەیەکی تر وەرگیراوە واتە ناوی ئێزەد بە واتای الە هاتوە لە ئاڤێستا پەرتووکی پیرۆزی زەردەشتیەکان دا وشەی یەزەتا بە واتای شیاوی پەرستن هێنراوە هەروەها بەم جۆرانەش تۆمارکراوە وەك : یەزد لە زمانی پالەوی کۆن و یەجەتا لە زمانی سەنسکریت دا . لەسەر ئەم بنەمایەدا ئەتوانین بڵێین مانای وشەکانی ئەزیدی، ئێزیدی و ئێزدی بە ئاراستەی چەمکێکی یەکگرتوو واتا بەندەکانی خودادا بەکاریان هێناون شیاوی باسە لە زمانی سۆمەری قەدیم داوشەی : ئی – زی دی، بەواتای پاکان و ئەو کەسانەی وا ڕێگەی ڕاست و دروستیان هەڵبژاردوە هاتوە و تۆمار کراوە . جوگرافیای ئینسانی و دابەش بوونی کۆمەڵە نیشتمانی سەرەکی ئێزدییەکان بریتییە لە کوردستان (عیراق) , سوریا و تورکیا . هەندێکشی لە ئەرمنیا و گورجیا و ئۆکرانیا و ژمارەیەکیش لە کۆمارە پێشووەکانی سۆڤیەت (روسیای ئێستا) و بە شێکی زۆرشی لە ئەوروپا دا ئەژین . جەماوەرێکی کەمیشیان لە ئێران دا ژیان بەسەر ئەبەن.

سەرەڕای ئەوەی ئامارێکی فەرمی و سەرڕاست تاکوو ئێستا سەبارەت بە ژمارەی ڕاستەقینەی ئەزداییەکان لەبەر دەستدانیە بەڵام ژمارەی بەراورد کراوی لایە نگرانی ئەم ئایینە بەم پێوەرەی کە لە خوارەوە هاتوو تا ڕادەیەك جێگەی پشت پێ بەستنە. هەرچەندە ئەوەش ئەزانرێت کۆز و کۆگەی سەرەکی ئێزدییەکان لە ئێستا دا باشووری کوردستان ە و ژمارەیان لە دەوروبەری پێنسەت و پەنجا هەزار کەسە و لەم شارانە و ناحیەکانی دەورپشتییان بەم جۆرە دابەش کراون:

- پارێزگای مووسڵ (نەینەوا) : شنگال – شێخان – تلکێف – باشیك و بەحزانێ

- پارێزگای دهۆك : زاخۆ – سێمێل

کۆمەڵەی ئێزدییەکان لە ڕۆژاوای کوردستان (سوریا) لەو ژمارەی وا هەتا ئێستا ماونەتەوە لە وانەیە بگاتە هەڤدە هەزار کەس و دوازدە هەزاریان لە کورد داغ کەوا مەڵبەندێکە سەر بە پارێزگای حەلەب و پێنج

هەزار کەسی دیکەیان لە دەوروبەری جزیرە (حەسەکێ و قامشلۆ) ئەژین و لانی کەم دە هەزار کوردی ئێزدی سوریایی بەرەو ئەڵمانیای فێدێراڵ و وڵاتانی تری ئەوروپا کۆچیان کردوە.

لە باکووری کوردستان (تورکیا) ژمارەی ئێزدیەکان زۆر زیاتر بووە لە هاودینەکانیان لە سوریا (سی هەتا پەنجا هەزار کەس). زۆربەی کوردانی ئێزدی تورکیا ڕوویان کردوەتە ئەوروپا و ئێستا ژمارەیان لە تورکیا نزیکەی دە هەزار کەس ئەبێت.

لە کۆمارە پێشووەکانی سۆڤیەت دا زیاتر لە سی و هەشت هەزار کەس دانیشتووی ئێزدی ژیان بەسەر ئەبەن و زۆربەیان لە ئەرمەنیا و گورجیادان . لە وڵاتی ئەڵمانیای یەکگرتووی فێدێراڵ دا نزیکەی شێست هەزار ئێزدی ئەژین و دەیان هەزار کەسی تریان لە ووڵاتانی ئەوروپایی و زۆر کەمتر لەم ئەژمارە ش لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کانەدا و ئوستورالیا نیشتەجێ کراون.

**چەمکی ئافراندن و بەرپاکردنی هەبوون (بەدیهێنان)**

ئایینی ئەزدایی بڕوای بە هەتاهەتایی بوونی خواوەندی گەورەیە بەم جۆرە ئەڵێن : لەسەرەتا دا تاریکایی و نەبووی بووە و پەروەردگار لە زات و گەوهەری خۆی، گەوهەرێکی سپی ئەستەمی تۆکمەی دروست کرد پاشان لە ڕووناکایی خۆی ناخ و ئەڕوانی پێبەخشی، بە جۆرێك کەوا ئەو گەییشت بە ڕادەی کڵێشە و ناخ (جسم و ڕۆح)...

بەڵام ئەو گەوهەرە توانای هەڵگرتنی باری گەورەیی ڕۆح و شکۆمەندی پەروەردگاری لە ناو خۆیدا نەبوو، هەربۆیە هاتە لەرزە و هەژاندن و پاشان ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و دواتر زەرد داگیرسا و لە ئاکامدا تەقییەوە.

لە پاش ئەوەدا ئەستێرە و هەسارەکان و ئاسمانەکان و زەوی و خۆر و مانگ و دەریا و ڕووبارەکان هاتنە ئافراندن .

خواوەند پاشان بۆ بەڕێوەبردنی ئافرێندراوەكان حەوت فریشتەی ئافراند و گۆی زەوی ڕازاندەوە بە گژ وگیا و بوونەوەران و پاشان ئادەمی لە ئاو و خاك و ئاگر و هەوا دروست كرد و لە ئادەم و حەوا نەوەی بەشەر یان مرۆڤی بە دیهێنا.

**فریشتەی تاوس / تاوس ێ مەلەك**

بڕوادارانی ئایینی ئێزدی ڕێز و بڕوای هەرە زۆریان بە تاوسی مەلەك یان فرشیتەی تاوس هەیە، هەتا ئەو ڕادەی كە بە سەرۆك و سەركردەی هەموو فرشیتەكانی ئەزانن و لەو بڕوایەدان تاوسی مەلەك تیشكێكە لە پرشنگی ڕووناكی گەوهەری پەروەردگار وهێمای خێرە و هەروەها بەرپرسی بەڕێوە بردنی دروست كراوەكان (كائنات)ە . لەڕاستی دا بەپێی بڕوای ئێزدیەكان فریشتەی تاوس یان تاوس ی مەلەك ناوێكە لە ناوەكانی خودای تاك و تەنیا . ئەو پەروەردگارەی كە خاوەنی هەزار و یەك ناوە.

**نوێژ و نزاو پارانەوەكان**

نزا ونوێژە چوارینەكانی ئایینی ئەزدایی بریتین لە ئەو نوێژە هەرە سەرەكیانەی وا لە كاتە دیاری كراوەكانی رۆژ و شەودا بەم جۆرە بە جێیان ئەهێنن:

١- نوێژی بەیان (سپێدە)

٢- نوێژی خۆرهەڵاتن لە رۆژ هەڵاتەوە

٣- نۆێژی دوای نیوەڕۆ

٤- نوێژی خەوتنان كە بە " شەهادەتەدین" بەناوبانگە

هەموو نوێژەکان بە پێی داب و نەریت و دەستووری تایبەتی ئایینی داڕێژراون، بە زمانی کوردی بەڕێوە ئەبرێن و نوێژکەرچ ژن بێ چ پیاو ئەبێ بە شێوازی ڕاوێستاو نزا بکات و لەکاتی نوێژکردندا، لەپی دەستی بخاتە سەر لەپی دەستەکەی تریەوە و هەردوو پێی وەك هێمای ڕێزگرتن جووت بکات و ڕووبکاتە خۆر بەپێی کاتی نوێژو شۆینگەی خۆر لە ئاسماندا , سەری نزاکەر واتە نوێژ خوێنەکە لەسەر کۆڵەکەی گەردنی ئەسووڕێتەوە. نوێژکردنی ئێزدیەکان تاکە کەسانەیە و بۆیان نیە بە کۆمەڵ نوێژبکەن.

نوێژکەر ئەبێ لە تەنیایی دا و بێ ئەوەی کەس بیبینێت نوێژبکات. با ئەوەش بگوترێ نوێژی خەوتنان لەسەر نوێنگە دا و لە کاتی خەوتن دا بە جێ ئەهێنرێت.

**چەن دەستووری ئایینی**

تاك یان جڤاتی ئێزدی بڕوا بەمانەی خوارەوەیە:

١- پەروەردگار، تاك و تاقانە و تەنیایە. هەروە خاوەن بەخشەندەییە.

٢- هەر فریشتە یان ئێزەدێک وەك هاوکاری بەردەستی خودا ئەرکەکانی بەجێئەهێنێت. هەریەك لە فریشتەکانی خودا بە شێوازێکی سەربەخۆ لە وانی دیکە ئەرکەکانی خۆیان بەجێ ئەهێنن.

٣- مەلەک تاوس خاوەن پلەیەکی سەرتر لە هەموو فریشتەکانی ترە.

٤- سەرچاوەی هەموو هێزەکان واتە خێر و شەڕ (چاکە و خراپە) یەك چاوگە و ئەویش خودای گەورەیە.

٥- خۆر واتە هەسارەی ڕۆژ، ڕۆشنایی و ڕۆناهی پەروەردگار بۆ سەر گۆی زەوییە.

٦- بڕوا و متمانە بە " تاقانەیی سەرچاوەی هەبوون" واتە خودا و هەروە ماك و ناخ (مادە – روح) لە دەستپێكی بێ سەرەتاوە پێكەوەن.

٧- بڕوا و متمانە بە " تەناسۆخ" یان دەونادون كردنی ئەڕوانەكان (گیانەكان). ئەم بنەما ئایینیەش كە ئەڵێ ناخ و ئەڕوان هەتاهەتایی و بێمەرگە.

٨- بڕوا و ئیمان بە نواندنی هێزی پەروەردگاری (سترالحی) و گواستنەوە و ڕاخوشینی بەشێك لەم هێزە بۆ ناوجەستەی پیەغەمەران و چاكان و پیران كە پێی ئەگوترێ حلول لاهوت فی ناسوت واتە ڕاخوشینی ئەڕوان لە جیهانی ژووروو بۆ جیهانی خواروو، هەر بۆیە ناوەكانی خواوەندی گەورە، زۆر و بە ئەژمارن و لە ئیزەدەكاندا (ارباب الانواع) ئەگاتە ئاستی دەركەوتن و نواندن و هەریەك لەم ناوە پیرۆزانە بە گوێرەی پلە دنیایی یەكان و بەپێی بەڕێوە بردنی كاروباری دنیا لەم خودانەكاندا كۆئەبێتەوە.

٩- بڕوا و متمانە بە هەبوونی بەهەشت و دۆزەخ و بووژانەوەی پاش مەرگ.

١٠- بەپێی باوەڕیئەزدانی , خواوەندی پایە بەرز , خاوەنی هەزارویەك ناوە و لە قەوارە و پەسنی جۆراو جۆردا ئەم ناوانە ئاشكرا ئەبن.

١١- ئەزداییيەكان سروشتی چوارینە (ئاگر , ئاو , خاك و هەوا) بە بنكە و بنەڕەتی ماك و بوونەوەران و ئافرێنراوەكان ئەزانن.

۱۲- ڕۆژی چوارشەمەڕۆژی پیرۆزی ئێزدییەکانە.

**پیرۆزمەندییەکانی ئێزدییەکان**

خۆر و مانگ – پەرستگەی لالش – گۆڕ و شاراوگەی پیران و چاکان و خاسخوداکان – خەرقەی زوهاد واتە کەپەنکی سۆنی – هێمای تاوس – دەستوور و فەرمانە دینییەکان – بەرات، جۆرە دانێکە وا لە گیائێکی دەوروبەری لالش دا ئەڕۆێت بەرهەم دێ.

**هەبێ ونابێ (حرام و معاصی) لە ئایینی ئێزیدی دا**

کوشتنی خەڵك بە قەستی، بێڕێزی کردن بە پیرۆزایەتییە ئایینییەکان، بەجێنەهێنانی دەستوور و فەرمان و داب و نەریتە ئایینییەکان، زنا (سێکسی مارە نەبڕاو)، شووکردن و ژنهێنان و پەیوەندی ژن ومێردایەتی لەگەڵ ئەوکەسانەی وا بڕوایان بە ئایینی ئەزدایی نیە یان لەگەڵ کەسانی جگە لە توێژو چینی ئایینی (ئەزیدییەکان دابەش کراون بەسەرچەند توێژی کۆمەڵایەتی دا)، سووخواردن (ڕباء)، درۆکردن، سۆێند خواردن بە درۆ، شۆفاری و ئاژاوەگێڕی، بێ ویژدانی وساختەکاری، خواردنی دارایی هەتیو.

**شێوازی چینایەتی لەسەر بنەمای پێوەرە ئایینیەکان**

ئەم ئایینە پێك هاتووە لەسێ توێژیان چینی کۆمەڵایەتی دینی : پیر، شێخ، شاگرد.

تایبەتیە پێناسەییەکانی ئەم سێ چینە بە شێوەی و پشتاوپشت و میراتی، لە باوکەوە ئەگوازرێتەوە بۆ کوڕ.

لەسەر ئەم پێوەرە هاوسەرگیری لە نێوان ئەم سێ چینە دا و هەروەها منداڵەکانیان لەگەڵ توێژی جیاواز لە چینی خۆیان قەدەغە کراوە.

ئێزدیەکان بە هۆی ئەم سیستەمە توێژایەتی دینیەی خۆیانەوە لە هەموو ئایینەکانی تر جیاوازن. لەم سیستەمە ڕێزبەندیە دا سێکوچکەی دینی و دنیایی لەم بەشانە پێك هاتووە : میر، بابە شێخ پێشمام، شێخ وەزیر، میرحەج ، بابەکەفان، کۆچەك، بابەچاوش....

سەبارەت بە قەوالان ئەبێ بڵێین : ئەوان پیاوانێکی ئایینی تایبەتن کەوا بەرسیاری گەشە و پەرە و بڵاوە پێدانی ڕێنمایی و پەیڕەوە ئایینییەکانن . قەوالان ئامێرە مۆسیقاییەکانی دەف وشەباب ئەژەنن و بە ئاهەنگێکی تایبەت کە بۆ بۆنە ئایینییەکان تەرخان کراوە دەستوور و ڕێنماییە دینییەکانی ئەزدایی لە جەژن و مەراسمەکاندا ئەڵێنەوە و ئەیدەن بە گوێی هاوئایینەکانی خۆیاندا.

**ئەنجومەنی باڵای پیاوە ئایینیەکانی ئەزدایی**

پێك هاتووە لەگشت توێژە ئایینیەکانی : میر، بابە شێخ ، پێشمام، شێخ وەزیر و سەرۆکی قەوالان. هەروەها لەم ئەنجومەنەدا کەسایەتی و پیاوماقوڵانی بە ناوبانگی کۆمەڵگەی ئەزدی هەرچەندە پیاوانی ئایینیش نەبن بەشدار ئەبن.

ئەم ئەنجومەنە باڵا، ڕێگەی بە دەستەی ڕاوێژکاری لە بەرواری ٢٠٠٦/٠٤/٢٢داوە هەندێ کەسایەتی فەرهەنگی و کولتوری ئەزیدی و بە مەبەستی کۆکردنەوەی ڕا و بۆچوون و هەروەها خوێندنەوەیان لە مەڕ کاروباری دنیایی خەڵکی سەربەم ئایینە بانگهێژی ئەنجومەنی باڵای پیاوە ئایینیەکانی ئێزدی بکرێ .ئەم ئەنجومەنە تەنیا ئۆرگانی فەرمیی ئێزدییەکانە.

**پەرتووکە پیرۆزەکان و ئاسەوارە ئایینیەکان**

پەرتووکەکانی "مەسحەفا رەش" و "جیلوە" دوو پەرتووکی پیرۆزی ئێزدیەکانن بەڵام بە هۆی هێرش و پەلامارەکانی رابردووی کوردستانەوە بۆ سەر لایەنگرانی ئەم ئایینە و هەروەها کوژتارو پاکتاو کردنی ئەم خەڵکە لەلایەن لایەنگرانی ئایینەکانی ترەوە ئەم دوو پەرتووکە وون کراون و لە ئێستا دا لەبەر دەست دا نەماون . بەڵام نووسراوە ئایینییەکانی تری ئێزدییەکان بریتیی لە : قەول، بەیت، نزا، .... هەموو ئەم کەلەپورانە بە زاراوەی کورمانجی لە زمانی کوردی تۆمار کراون . ئەمانە خاوەی کێش و ئاهەنگن . مێژووی بە شێعرکردنی ئەم بابەتانە ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوازدەی زایینی کە وا شێخ فەخر ئەدانی، پیررەشی حەیران، بەسێ جەمێ و کەسانی تر ئەرکی ئەم کارەیان کێشاوە و هەر لە کۆنەوە بە شێوازی زارەکی خوێندراونەتەوە تاکوو لە سەرەتای ساڵانی هەفتای زایینی سەدەی بیستەم دا بڕیار بە نووسینی ئەم کەلەپوورە ئایینیانە دراوە . ناوەرۆکی ئەم ئاسەوارانە ئەم بابەتانەیان لە خۆوە گرتوە: باسی رووداوەکانی ئافراندن و بەدیهێنان، ژمارتنی سفات و پەسنەکانی پەروەردگار، فریشتەکان و پیران و ئافەرین کردنیان، هەروەها دەستوور و رێنماییە ئایینیە رەوشتیەکان.

**پەرستگەی لالش**

لالەش ێ مەندەهۆش یان لالەش ی نورانی، لە دووریی ٦٠ کیلۆمەتری باکووری مووسڵ و ١٤ کیلۆمەتری شارۆچکەی کانی سوفنای سەر بە شاری شێخان لە باشووری کوردستان دایە.

پەرستگەی لالەش لە نێوان کێوانی حەزرەت لەرۆژاوا، مەشەت لە باشور و عەرەفات لە باکووردا بەرپاکراوە . بەرزایی ئەم کێوانە نزیکەی ٣ هەزار سەروتر لە ئاستی دەریادان. یەك رێگەی راستەی هەیە کەوا ئۆتۆمبێل پێیدا هات و چۆ بکات لەلایەن رۆژهەڵاتەوە بەرەو لالەش ئەڕوات و کانی سوفنا بە ئەتروش ەوە ئەبەستێتەوە.

هەرێمی لالەش بە ڕووەکی کێویلە و دارستان داپۆشراوە و هەر بۆیە بووە بە مۆلگە و وارگەی جۆرەکانی پەلەوەر و باڵندە و هەروەها ئاژەڵە کێویەکانە.

لە لالەش دا، گومەزیان دوو قوبە لەسەر مەزاری پیرۆزی حەزرەت شێخ ئادی کوڕی موسافر و هەروە برازاکەی واتە ئەبەلبەرەکات سەفر کوڕی موسافر کوری موسافر و هەروەها گۆڕی شێخ حەسەن و چەن پیروخا سخودای ئێزدی دا بەرپاکراون.

**ناوچەی لالش ئەم کانییە پیرۆزانەی لە باوەش گرتوە :**

١- کانی یا سپی ٢- زەمزەم.

ئەم شوێنە پیرۆزە پەیوەندییەکی ڕاستە و خۆی لەگەڵ کات و ڕۆژمێری پیرۆزی ئێزدییەکاندا هەیە وا باسی ئافراندن و بەدیهێنان و هەروەها دروست کردنی ئادەم و هەروەها لافاوی گەورەی لە خۆوەگرتوە . بەپێی بڕوای ئێزدییەکان ئەم شوێنە، ناوەندی دنیا و گەوهەری ئافراندنە.

سەرەڕای مەزارگە و پەرستگەی پیرۆزی لالش، لە هەموو گوندەکەی لالەش دا، چەن گومەزی دیکەش هەن کە هی شاراوگە و گۆڕی شێخ و پیرانی ئەزداییە کە پێیان ئەگوترێ خاسان یان خواص.

ئادی یان عەدی کوڕی مسافر کوڕی ئیسماعیل کوڕی موسا زاهد، پاڕشای هەکاری، لە گوندی بێت فار یان شوقەلئەکراد لە بەعلبەك ی لوبنان لە ساڵی ١٠٧٨ ی زایینی لە دایك بووە و لە ساڵی ١١٦١ دا لە لالەشی مەندەهۆش کۆچی دوایی کردوە و لە پەرستگەی پیرۆزی لالەش بەخاك سپێردراوە.

شێخ ئادی درودی خوای لێ بێت، بانگەوازی پیەغەمەری بۆ خۆی نە ئەکرد، هەر بۆیە بە دانەر و بەرپاکەری ئایینی ئەزیدی نەناسراوە، بەڵکوو پلە وشانی ئەو بەڕێزە لە ژێر ناوی بووژێنەرو نوێکەری ئەم ئایینە لە لایەن ئێزدیەکانەوە قەبووڵ کراوە.

سەرەڕای ئەوەی سەردەمی ژیانی شێخ ئادی سەردەمێکی ئاستەم و تاڵ بووە لە هەمبەر ئایینەکان و بە تایبەت ئایینی ئەزدایی بەڵام شێخ ئادی هیچ کان تەنانەت لە ڕواڵەتیشدا ئامادە نەبوو بە شێوەیەکی شاراوە یان تقیە مامەڵە لەگەڵ ئایینی ئەزیدی بکات و ئەمەش مەترسیدار بوو بەڵام لە کردەوەدا ئەم ئایینە خۆی لە جەنگە ئایینییەکانی ئەوکاتەدا ڕزگار کرد و درێژەی بە ژیانی خۆی دا و هەتا ئێستاش پارێزراو بمێنێتەوە.

شێخ ئادی ڕیزەکانی کۆمەڵەی ئەزدایی تۆکمە کرد و ڕێکیخستن و بە هۆی زانایی و ماریفەت و شارەزایی فراوانیەوە و هەروەها بەکەڵك وەرگرتن لە کەراماتی مەعنەوی و هێزی پۆلایینی ئیرادەیەوە و شێوازی کاریزماتیک توانی کاربکاتە سەر ورەی دەرونی و کۆمەڵایەتی ئێزدیەکان و ئەم کۆمەڵگە ئایینییە بەرەو کەنارەکانی ئارام ببات.

پلە و پایە وجێگە و پێگەی ئەو خاس خودایە لەلای ئێزدیەکان یەکجار بەرز و پیرۆز و بێ وێنەیە، هەتا ئەوڕادەیە بە چاوی کەسێکی یەکجار پیرۆزی نائاسایی تێی ئەڕوانن و ژمارەیەکی هەرە زۆری نزا و پاڕانەوە و ڕازو نیازە عارفانەکانی ئەم ئایینە بەناوی شێخ ئادییەوە ناونراون.

کاتێ شێخ ئادی گەیشتە لالەش تەمەنی زیاتر لە ٣٥ ساڵ ئەبوو، ئەو خوشەویستە پیاوێکی دوورەپارێز لە خراپە، پاك، لە خۆبردوو، ئیماندار، نەرم ونیان و لەسەر خۆ و هەروەها مامۆستای ئامۆژگاری بۆ خێر و چاکە و پێبەندی بنەما شەرعیەکان بووە.

لە پاش کۆچی دوایی شێخ ئادی کوڕی سافر، سەفر کوڕی سەفر کوڕی سافر کراوە بە جێگر و جێنشینی شێخ ئادی درودی خوای لێ بیت و هەروە نازناوی ئەبی بەرەکاتیان پێ بەخشیوە .

شێخ سەفەڕ برازای شێخ ئادی یە.

شێخ سەفەڕ سەبارەت بە ئیماندارانی ئێزیدی زۆر میهرەبان و دڵسۆز بووە و سۆز و خۆشەویستی زۆری پێ نیشان داون هەروەها جەنابیان پیاوێکی زۆر لەخۆبردوو و خاوەن ڕەوشێکی بەرز بووە . لە پاش ئەو خاوەن ڕێزە، کوڕەکەی کە ناوی ئادی دووهەم بووە کراوە بە جێگر و جێنشینی ئەبی ئەلبەرەکات .

شێخ ئادی دووهەم هەروەك باوکی و مامی پیرۆزی واتە شێخ ئادی یەکەم لە بواری ئایینی ئەزیدی دا و هەروە پەرەپێدان و گەشەکردنی ئەم دینە و شی کردنەوە و ڕوون کردنەوە بۆ لایەگرانی ئێزیدی ئەرك و ماندوو بوونی زۆری کێشاوە.

لە پاش کۆچی دوایی شێخ ئادی دووهەم، کوڕەکەی کە ناوی شێخ حەسەن بووە (لە دایك بووی ٥٩١ کۆچی) بووە بە سەرۆك و ڕێبەری ئایینی ئەزیدییەکان . شێخ حەسەن لەڕوانگەی ئایینییەوە خاوەن پلە و پێگەیەکی بەرزە، هەربۆیە ئیبن خەلەکان گەڕۆك و مێژوونووسی بەناوبانگ نازناوی وێژەوان و پسپۆڕی سەردەمی پێبەخشیوە .

شێخ حەسەن لەوکاتانەدا وا بواری بە دەستەوە بووە ئەچووە تەنیایی و خەڵوەتەوە بۆ باشترکردنی ڕەوشتی ژیان و بژێوی و ئاساشی کۆمەڵگەی ئێزدی دەستی ئەدایە نووسین و ڕێکخستنی ڕێنمایی و یاسا و ڕێساکان . بۆ وێنە لە دەستوور و فەرمانەکانی پاشکۆی شێخ ئادی یەکەم، یاسا و ڕێسای نوێی دەهەڵەنجاند، بە جۆرێ کەوا هەم لەگەڵ ڕێنمناییەکانی ئایینی دا یەکبگرێتەوە و هەم بۆ چاکسازی کاروباری مادی، کۆمەڵایەتی ئێزدیەکان بەکار هاتوو بێت.

کۆشش و شێلگیربوونی بەڕێزیان لە مەڕ هەڵەنجاندنی یاسا و ڕێسا تازەکان لە ئاستێدابوو کە لە هەوەجە و پێداویستی ژیانی کۆڵگەی ئێزدییەکان زیاتر بوو، هەر بۆیە ببووە هۆی ئەمەکناسی و مەراقی خەڵك و هەروە سۆزداریی زیاتریان بۆ ئەو بەڕێزە بوو.

چۆنیەتی و شێوازی کردەوەیی شێخ حەسەن لە پێناو چاکسازی و تازەگەری لە شێوازە پێشکەوتووەکانی دا بۆ پێشوەچوونی ئامانجەکانی لە کۆمەڵگەدا وەك کارکردنی دەوڵەتێك بووە. بۆ وێنە مەڵبەندە ئێزدییەکانی دابەش کردوە بە سەرچەن میرنشین دا و بۆ هەریەك لەم میرنشینانە، میرێکی دەسنیشان کردوە و بە

هەريەك لەم مەڵبەندانەی ئاڵا و هێمايێكی تايبەتی بەخشيوە و هەروەها باج و خەراجی بۆيان دابين كردوە.
هەموو ئەم كارانە هۆكاری دروست بوونی ئێرەيی و بەرچاوتەنگی لە ناخ و دڵی بەدرەدين لۆلۆ دەسەڵاتداری مووسڵ دا. بە ناردنی لەشكر بۆ سەر لالەش لە ساڵی ١٢٥٦ ی زايينی دا شەڕێكی دژوار لە نێوان ئێزديەكان بە سەرۆكايەتی شێخ حەسەن و هەروەها سوپای بە درەدين لۆلۆ دەستی پێكرد و لە ئاكام دا بە نسكۆی ئێزديەكان و كوژتارێكی بێوێنەيان كۆتايی پێهات. شێخ حەسەن و جەماوەرێكی زۆری ئێزديەكانيش بەديل گيران.

بە درەدين لۆلۆ دەسەڵاتداری مووسڵ فەرمانی بە كوشتنی شێخ حەسەن دا و ئەم فەرمانەش جێ بەجێ كراو لەساڵی ٦٤٤ ی كۆچی دا شێخ حەسەن پێشەوای ئەزيديەكان كۆتايی بە ژيانی هات.

شێخ حەسەن خاوەنی چوار كوڕ بوو بەم ناوانە: شێخ شەرەفەدين، شێخ برايم، شێخ خەتمی و شێخ مووسا.

شياوی باسە، چەن هۆكاری گرنگ لەلايەن شێخ ئادی يەكەمەوە بۆ دەسنيشان كردنی لالەش وەك پێگەی دينی لە پێناو پاراستن و پەرەپێدانی ئەم ئايينە ڕەچاو كراوە بۆ وێنە نيشتەجێ بوونی بنەماڵە دەسەڵاتدارە كۆمەڵايەتی و ئايينيەكان لە هەرێمی لالەش دا لەوانەش : هەبوونی چل بنەماڵەی ئەزدايی لە توێژی پير و بنەماڵەی ميرئێزدين شەمسانی و خەڵكی تر........

**جەژن و بۆنە ئايينيەكان**

جەژنە ئايينيەكانی ئايينی ئەزدايی و داب و نەريتی چۆنيەتی بە جێهينانيان پەيوەندی بە پرۆسەی ژيان و سووڕی ساڵ و خۆر و مانگ و گۆڕانكاری لە كەش و هەوا و كاريگەرييان بۆ سەر كشت و كاڵ هەيە و هەر بۆيە بۆ هەموو وەرزەكانی ساڵ، جەژن يان جەژنگەلی تايبەت دەسنيشان كراوە، هەندێ لەو جەژنانە بە كورتی لێرەدا باسيان لێ ئەكرێ :

**جەژنەكانی وەرزی بەهار:**

١- جەژنی سەرساڵ:

ئەم جەژنە بە جەژنی تاوس ێ مەلەك و جەژنی فریشتەی جوانکارە یان جەژنی چارشەما سۆریان چوار شەمە سووران بەناوبانگە .

خۆشەویسترین و گرنگترین و بە گەورەترین جەژنی ئێزدیەکانە کەوا لە یەکەم ڕۆژی چوارشەمەی مانگی نیسانی رۆژهەڵاتی، بەرپا ئەکرێ.

(شیاوی باسە لە نێوان مانگی نیسانی ئێزدی رۆژهەڵاتی لەگەڵ مانگی نیسانی زایینی دا سێزدە رۆژ جیاوازی رۆژمێری هەیە، لە راستی دا مانگی نیسانی رۆژهەڵاتی ئەزیدی ئەکاتە رۆژی سێزدەی مانگی نیسانی ڕوومی یان ئاپریل).

بە مەبەستی ڕێز و حورمەت بۆ شارۆمەندانی ئێزدی لەسەر بڕیاری پەرلەمانی هەرێمی کوردستان / عێراق جەژنی ساڵی نوێی ئێزدیەکان (چارشەما سۆر) رۆژێکی نەتەوەییە و پشووی فەرمییە.

٢- جەژنی تەوافات

سێهەم رۆژی ساڵی تازەی ئێزدی واتە لە رۆژی هەینی پاش جەژنی چارشەما سۆرەوە دەس پێ ئەکات و هەتا کۆتایی مانگی جوون (حەزیران) درێژەی هەیە. هەریەك لەو ڕەسمانە لە شوێنە تایبەتیەکانی شارەکان و گوندەکان بەرێوە ئەچن و تایبەتە بە خەڵکی هەمان شوێنی تایبەت.

**جەژنە هاوینانەکان**

ئەم جەژنە بە جەژنی چلەی هاوین بەناوبانگە.

ئەم جەژنە بە بۆنەی کۆتایی هاتنی رۆژووی ئایینی پیاوانی ئایینی ئێزدی یەوە بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ هەموو ساڵێك بەڕێوە ئەچێت. ئەم ڕۆژووە لە ١٣ی حەزیران هوە هەتا ٣٠ی تەمووزی ئێزدی (٢٥ ی جوون – ٣ ی ئاگێست) یەوە درێژەی هەیە.

**جەژنەکانی وەرزی پاییز**

جەژنی گشتی : بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ بەرێوە ئەچێت . لە ٢٣ی مانگی ٩ی ئێزدی هەتا سەرەتای مانگی ١٠ ی ئێزدی درێژەی هەیە و ئەکاتە (٧ هەتا ١٣ی ئۆکتۆبری هەموو ساڵ)

**جەژنەکانی زستان**

جەژنی چلەی زستان : بە بۆنەی کۆتایی هاتنی رۆژووی پیاوانی ئایینیەوە بەرێوە ئەچێت. ئەم رۆژووە بەپێی رۆژمێری ئێزدی رۆژهەڵاتی لە ١٣ی کانوونی یەکەمەوە هەتا ٣٠ی کانوونی دووهەم (٢٦ی دێسەمبەر هەتا ٤ی فێبریوەری) هەموو ساڵێك لەلایەن پیاوانی ئایینیەوە ئەگیردرێت. ماوەی جەژنەکەش ٣ رۆژە.

**جەژنی رۆژووی ئێزد**: بەرانبەرە لەگەڵ یەکەم سێشەمە و چوارشەمە و پێنجشەمەی مانگی کانوونی یەکەمی ئەزدایی (دێسەمبەر) و رۆژی هەینی پاش ئەمسێ، رۆژی جەژنە. ئەڵێن لەم سێ رۆژەدا ئێزەدان و خاسان و چاکان و پیران رۆژوو ئەگرن.

**جەژنی بێلەندا و باتزمیە** : لە دووهەم هەینی پاش جەژنی چلەی زستان یان کۆتاییەکانی مانگی کانوونی یەکەم (دێسەمبەر) بەرپا ئەکرێت.

**جەژنی خدر ئلیاس و خدری پیەغەمەر** : لەیەکەم پێنجشەمەی مانگی شەباتی رۆژهەڵاتی (فێبریوەری) هەموو ساڵێك بەرێوە ئەچێت.

پاش پێوانی رێگەیەکی دژوار لە نێوان ئەم هەموو رێ و رەسم و بۆنە و یادکردنەوە کە لە جەژنەکانی باس کراو دا بە رەێوەئەچن، هیچ پەسنێك وەك وەرزەکانی ساڵ – مەگەر وەرزە داستانیەکان نەبێ – باسی چیروانۆك (ئۆستورە)ی پێگەیشیتنی گەنم و پەیوەندییە هێماییەکەی لەگەڵ فەلسەفەی مەرگ و ژیاندنەوەی مرۆڤدا ناکات.

مەرگی سیمبۆلیکی خواوەندە نێرینە و مێیینیەکان و گەڕانەوەیان بۆ ژیانی سرووشتییان ئەوەی ئۆستوورە لە هەر بەشێکیدا فەلسەفەی مەرگ و هەتا هەتایی بوون وشین بوونەوە و ڕەوان وگیان بە بەرداکردن و ژیانی سەرەتایی لە ئایدۆلۆژی ژیانی ئەزداییسم دا شی ئەکاتەوە. بۆ وێنە لە مەراسمێکی تردا (طقس القباغ) کەوا لە میانەی جەژنی گشتی دا بەڕێوە ئەچێت بایەخ و نرخ بەو برِوا و ئەندێشانە ئەدرێت کە لە ئایدۆلۆژیای میترائیزم دا ڕەگەزیان گرتوە . لەگەڵ ئەوەشدا لەرێ و ڕەسمی جەژنی سەرساڵ (چارشەما سۆر) ئامانجێك ڕەچاو ئەکرێت ئەویش یادکردنەوەی ئافراندنی بە دی هاتووەکانە.

تەواو